# کورتە بەراوردێکی ئەرك و مافەکانی ئافرەت

## لە نێوان دینی ئیسلام و پێش ئیسلام

ئامادە كردنی
م/ صلاح الدين
م/ عثمان علي

بسم الله الرحمن الرحيم

**پلەو پایەو شوێنی ئافرەت**

**لە پێش ئیسلامدا**

مەبەست لە پێش ئیسلام ، سەردەمی نەفامی یە ، کە عەرەبەکانی تێدا دەژیان بە شێوەیەکی تایبەتی ، هەموو سەر زەویش بە شێوەیەکی گشتی،کەخەڵکی ماوەیەك بو پچڕابون لە پێغەمبەران ، وە بەرنامەکانیان سڕابونەوە و نەمابوون ، تەنها کەمێك نەبێت لە خاوەن پەرتوکە ئاسمانیەکان کە لەسەری مابونەوە.

وە زۆربەی ئافرەتانیش، بەگشتی لەو کاتەدا ژیانێکی سەخت و ناهەمواریان بەسەر دەبرد – بەتایبەت لە کۆمەڵگای عەرەبیدا – کەپێیان ناخۆش بوو هەر لە دایکیش ببێت ، جا هەیان بوو لە ژێر خۆڵدا زیندە بەچاڵی دەکرد هەتا دەمرد، وەهەیان بوو وازی لێ دەهێنا بمێنێتەوە بەڵام لە ژیانێکی سەرشۆڕیی‌و ریسوایی‌دا وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ) (١)

واتە:(کاتێك موژدە بدرایە بە یەکێکیان بەوەی کە کچیان بووە ، ئەوا ڕوخساری ڕەش هەڵدەگەڕا لەغەم وپەژارەو خەفەت وە پڕ دەبو لە ڕق وقینە ، بەڵام دەری نەدەبڕی و دەیشاردەوە، وەخۆی دەشاردەوە لە خەڵکی ، لە خراپی ئەو مژدەیەی کەپێی درابوو) کە بەهۆی ئەو کچەی بویەتی ، توشی خەفەت وعەیب و عارو شەرمەزاری بووە ، بەپێی ئەو داب

---

(١) النحل /٥٨-٥٩ .

و نەریتەی هۆزەکەی هەیبوو. وە هەندێك لە عەرەبەکان لایان وابوو زیندەبەچاڵ کردنی کچ مافێکی ڕەوای باوکە.

وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

(وإذا الموؤدة سئلت، بأي ذنب قتلت) [٢] .

واتە :کاتێك لە ڕۆژی قیامەتدا کچی زیندە بەچاڵ کراو پرسیاری لێ دەکرێت ، بەهۆی چ تاوانێکەوە کوژراویت ؟. مەبەست ئەوەیە ، پرسیار لە بکوژەکەی دەکرێت و تۆڵەی لێ دەسێنرێت .

(الموؤدة) : کچێکە ، زیندە بەچاڵ کرابێت لە ژێر خۆڵدا ، هەتا مردن .

وە ئەگەر ئافرەت پارێزراو بوایە لە زیندە بەچاڵ کردن ، ئەوا دەژیا ، بەلاّم ژیانێکی ریسوایی .

ژنان لەپێش هاتنی ئاینی ئیسلام ستەم لێکراو بوون،لەلایەن هەموو یاساو گەلێکەوە ، وە بەچاوێکی سوکەوە وەك بەندەیەك سەیر دەکران ، وە هەروەها لە لایەن ئەوانەیش کە خۆیان بە خاوەنی کتێبی ئاسمانی دەزانی،وەك جولەکەو گاورەکان ، هەر بەهەمان شێوە سەیر دەکران .ژنان دەکڕدران و دەفرۆشران وەك ئاژەڵ و کەل و پەل ، وە زۆریان لێ دەکرا لەسەر مێرد کردن ، وە پارەیان پێ پەیدا دەکردن بە داوێن پیسیو لەش فرۆشی بەزۆر .

وە خاوەنی موڵك و ماڵ نەبوون . تەسەڕوف کردنیان لە ماڵی خۆیان لێ قەدەغە کرابوو بەبێ پرسی پیاوەکانیان، وەبۆ پیاو هەبوو تەسەروف کردن لەماڵی ژنان بەبێ ڕەزامەندیو پرس پێکردنیان.

هیچ بەشێکی لە میراتی نزیکەکانی نەبوو ، هەرچەندە موڵکەکە زۆربوایەو، ئافرەتەکە بینالأندایە بەدەست هەژاریو نەبوونیەوە ، چونکە ئەوان پیاوانیان تایبەت کردبوو بەمیرات وەرگرتنەوە بەتەنها جگە لە ئافرەت ، بەمەیش نەدەوەستان ، بەڵکو لە پاش مردنی هاوسەرەکەی ، ئافرەتەکەیشیان بە میراتی دەبرد بۆ خۆیان هەروەکو چۆن ماڵەکەیان دەبرد .

وە دەربارەی بۆچونی پیاوان بەرامبەر بەژنان جیاوازی هەبوو! ئایا ژن مرۆڤەو خاوەنی نەفس و گیانە وەك پیاو ؟ وەباوەڕیان وابو، گیانی پیاو دەمێنێتەوە بۆ هەتا هەتاییو بەلاّم گیانی ژن

(٢) التكوير /٨-٩ .

نامێنێتەوە! وە ئایا ژن شایەنی ئەوەیە، ببێتە خاوەنی ئایین وپەرستش بکات؟ وە ئایا دەچێتە بەهەشت؟.

وە لە یەکێك لەو کۆڕو کۆبونەوانە کە لە (رومیە) بەسترا ، بڕیاردرا ، ژن ئاژەڵێکی پیسەو خاوەنی گیانی خۆی نی‌یە و نامێنێتەوە هەتا هەتایە ، بەڵام پێویستە لە سەری پەرستن بکات و خزمەتکاری بکات ، وە دەبێت زاری ببەسترێت وەك ووشترو سەگی هار ، وە دەبێت قەدەغە بکرێت لە پێکەنین و قسە کردن لەبەر ئەوەی پەتی شەیتانە.

وە زۆربەی شەریعەتەکانی پێش شەریعەتی ئیسلام، بە هۆی دەست تێوەردان و بیدعە دروست کردن تیایاندا، بەڕەوایان زانیوە ، باوك کچەکەی بفرۆشێت ، وە هەروەها مافی تۆڵە سەندنەوە (القصاص) نەبوو لە سەر پیاو ئەگەر ژنی بکوشتایە ، وە هەروەها خوێنیشی لەسەر نەبو .

وە ژمارەیەکی زۆری ئافرەت لە ژێر سەرپەرشتی یەك پیاودا (هاوسەر) دەژیان، چونکە ئەوان پەیوەست نەبوون بەژمارەیەکی دیاری کراو لەخێزان ، وە گوێیان نەدەدا بەوەی کە ئەو ئافرەتە زۆرانە، توشی تەنگ وچەڵەمەو ناخۆشی‌و ستەم لێکردن دەبن یان نا ، بەهۆی ئەوەی کە هەموویان خێزانی یەك پیاون .

وە تائێستاش لە هەندێك جێگە دەبینین دەبێت ژن مارەیی بدات بەپیاو. وە بۆ کەس و کاری ژن هەیە زۆر لێکردن لە سەر مێرد کردن ئەگەر بەحەزی ژنەکەش نەبێت ، یان مێردکردن لە ژن قەدەغە دەکەن بەتەواوی ئەگەر مێردەکەی بمرێت ، یان تەڵاقی بدات.

زۆر ستەمی تریش هەبوون لە ژنان دەکران و دەکرێت، کە لەم کورتە باسەدا ناتوانرێت هەموویان بخرێنە ڕوو .

## پلەو پایەو شوێنی ئافرەت لەئیسلامدا

ئیسلام هات و ئەم ستەم کاریانەی لەسەر ئافرەت هەڵگرت و، شوێنی خۆی لە مرۆڤایەتی‌دا بۆ گەڕاندەوەو ڕای گەیاند کە ئافرەت هاوبەشی پیاوە لە مرۆڤایەتیدا ، هەروەکو چۆن هاوبەشی پیاوە لە پاداشت وسزا وەرگرتن لەسەر کردەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت :

(مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ

﴿فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[3] .

واتە: هەرکەسێك کردەوەی چاك بکات چ پیاو بێت چ ئافرەت ، بەو مەرجەی باوەڕ داربن ، ئەوا ئێمە دەیژیێنینەوە ژیانێکی باش ، بەپێ دانی ڕۆزی حەلاڵ ، لە پاشانیشدا بۆ بەهەشت، وەپاداشتیان دەدەینەوە بە باشتر لەو کردەوانەی کە کردویانە .

وە خوای گەورە ئایینەکەی تەواو کرد بە ناردنی کۆتایی پێغەمبەران محمدی کوڕی عبدالله (ﷺ) ، وە بەخشی بەژنان لە قورئان و سوننەتدا ، هەموو مافێك کە بەخشیویەتی بەپیاوان ، جگە لەوشتانە نەبێت کە جیاوازی تەبیعەتی ژنایەتی و حاڵەتی ژنایەتی دەیخوازێ .

وەلەگەڵ چاودێری و ڕێزلێگرتنی ژنان و بەزەیی پێدا هاتنەوەو سۆز نواندن بۆیان ، بەشێوەیەکی وەها کە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:

(خيركم خيركم لأهله وأنا خيركم لأهلي )[4]

واتە باشترینتان ئەوانەن کە باشترینتانن لەگەڵ خێزانەکانیاندا وەمن باشترینی ئێوەم لەگەڵ خێزانمدا .

وەخوای گەورە قەدەغەی کرد کە ئافرەت دابنرێت بە بەشێك لە میراتی مێرد کە بەجێی دەهێڵێت ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهاً﴾[5]

واتە : ئەی باوەڕداران حەلاڵ نیە کە ئێوە ئافرەت بەشێوەی میرات بۆ خۆتان بەرن بەزۆر .

هەروەکو چۆن خەڵکی سەردەمی نەفامی دەیانکرد کە خۆیان بەشایەنی ئەوە دادەنا کە ئافرەت بەمیراتی بەرن ، وە خوای گەورە سەربەخۆیی کەسایەتی بۆ ئافرەت مسۆگەر کرد .

ئیسلام مافی خاوەنداریەتی بڕیاردا بۆ ژنان بە هەموو جۆرەکانیەوەو تەسەروف کردن بەماڵی خۆیان. وە لەو مافانە دانانی وەصیەت و میرات بۆ ژنان وەك پیاوان . وە پێویستی کرد لەسەر پیاوان بژێوی بۆ

(٣)(النحل:٩٧)

(٤) سلسلة الأحاديث الصحيحة (٢٨٥)

(٥) النساء /١٩

خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن ئەگەر ژنان دەوڵەمەندیش بوون .

وە ئیسلام بەخشی بەژنان مافی کڕین و فرۆشتن و بەکرێ دان و بەخشین و دیاری و خێر کردن و جگە لەوانەش ، وە هەروەها مافی بەرگری کردن لەماڵیان وەك بەرگری کردن لە نەفسیان وە شکایەت کردن و چوونە دادگا .

کردی بەمیرات گر ، نەك بەمیرات گیراو ، وەلە خزمە نزیکەکانی مافی میرات گرتنی بۆ ئافرەت داناوە ، خوای گەورە دەفەرموێت :

(للرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا) [٦] .

واتە : لەو موڵك و سەروەت وسامانەی کە دایك وباوك وخزم وکەس وکار بەجێی دەهێڵن ، پیاو بەشی خۆی هەیەو ئافرەتیش بەشی خۆی هەیە ، کەم بێت یاخود زۆر ، مافێکی جێگیرە، خوای گەورە پێویستی کردوە .نابێت هەڵوەشێنرێتەوە یاخود کەم بکرێتەوە .

وە خوای گەورە دەفەرموێت :

(يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ) [٧] .

واتە : خوای گەورە ڕاسپاردەیی‌تان دەکات لەبارەی منداڵەکانتان ، لە کاتێکدا کە کوڕو کچ ببنە میرات گر ، ئەوا کوڕ دوو ئەوەندەی کچی بۆهەیە ، بەڵام ئەگەر تەنها زیاد لە دووکچ بەجێ‌ما، کوڕیان لە گەڵدا نەبوو ئەوا لە سێ بەش دوو بەشیان بۆ هەیە ، وە ئەگەر تەنها یەك کچ بوو ئەوا نیوەی میراتی یەکەی بۆ هەیە .

تا کۆتایی ئەو ئایەتانەی کە لەبارەی میرات گری ئافرەتەوە هاتوون ، ئیتر ئایا دایك بێت یا کچ یا خوشك یا خێزان .

وە لەبواری خێزانیدا خوای گەورە ژن هێنانی کورت کردەوە لەسەر چوار ژن بەلای زۆرەوە ، بەمەرجێ بتوانێت هەستێت بە دادپەروەری کردن لە نێوانیاندا ، وە ئەگەر ترسا لەوەی کە ناتوانێ بەیەکسانی ڕایان بگرێت ، نابێت لە یەك ژن زیاتر بهێنێت.

---

(٦) النساء/٧

(٧) النساء /١١

وەخــوای گــەورە پێویســتی کــردوە لەســەر پیــاو بــە چــاکە هەڵســوکەوتیان لەگەڵــدا بکــەن ، وەکــو دەفــەرموێت : (وعاشــــروهن بـــــالمعروف ) [٨] واتــە: هەڵسوکەوتیان بەچاکە لەگەڵدا بکەن.

وەمارەیی بۆ داناوە بـەمافی خـۆی ، وەفەرمانی کردووە بەوەی کە بەتـەواوی پـێی بدرێت ، مەگەر خۆی ڕێگای پێبدات و لێی خـۆش بێـت و بـە ڕەزامەنـدی وویستی خۆی وەکو دەفەرموێت:

(وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْساً فَكُلُوهُ هَنِيئاً مَرِيئاً) [٩] .

واتـــە: مـــارەیی ئافرەتـــان بـــە خۆشحاڵیەوە بدەن ، ئەگەر ئەوان خۆیان لــە دڵــەوە لێتــان خــۆش بــوون بــە ڕەزامەندی خۆیان لە هەر بەشێکی ، ئەوا وەری بگرن و بیخۆن بە خۆشی .

وەخوای گەورە ئافرەتی کردووە بە سەرپەرشتیارو بەرێوەبەرو پارێزگار لە ماڵی هاوسەرەکەیدا فەرمانڕەوایە بەسەر منداڵەکانیەوە،پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت (المراة راعية في بيت زوجها، ومسؤلة عن رعيتها ) [١٠]. واتە : ئافرەت شوانە لە ماڵی هاوسـەرەکەیدا وەڵێپرسـراوە لـە شـوان کاریەکەیدا .

وە لـە سـەر پیـاوی پێویسـت کـردووە دابـــین کردنـــی پۆشـــاك وخـــواردن و پێویستیەکانی ژن.

ژن هێنـان لـە هـۆزە دەشـتەکیەکان و گەلە شارەستانیەکان ، بە شـێك بـوو لـە کردنە کۆیلە و بە بەندە کردنـی ژنـان لـە لایەن پیاوانەوە بەڵام ئیسلام ژن هێنانی کردە بەندێکی ئایینی و شارسـتانی ، بـە دانانی خۆشەویستی لە نێوان ژن و مێردا وە فراوان کردن و دروسـت کردنـی چـوار چێوەی خۆشەویستی لە نێوان دوو هۆزدا وە تەواو کردنی سۆزو بـەزەیی ئینسـانی و بڵاوکردنـی لـە نێـوان دایـك و بـاوك بـۆ منداڵــەکانیان ، وەك لــەو فەرموودەیــەی خوای پەروەردگاردا دەردەکەوێ :

(وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا) [١١] .

(واتە: لە نیشانەکانی گـەورەیی خـۆی دروستی کردووە بۆتان لە نەفسی خۆتان

---

(٨) النساء/١٩

(٩) النساء/٤

(١٠) البخاري ٢/٤٤١ و مسلم ٣/١٤٥٩.

(١١) الروم: من الآية٢١

ژن ، بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایو گێڕاویەتی لە نێوانتاندا خۆشەویستیو بەزەیی).

قورئان دادگەری کردووە لە نێوان ژن و مێرد ، بە بەش کردنی ئیش و کارو مافەکان بەچاکە و داد پەروەری ، لەگەڵ دانانی مافی سەرۆکایەتی بۆ پیاو ، لەبەر ئەوەی پیاو بەتوانا ترە لەسەر جێ بەجێ کردنی بژێوی و پارێزگاری.هەروەك دەفەرمووێ:

(وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) [١٢].

( وە بۆ ژنان هەیە لە ماف و حەقەکان بە ئەندازەی ئەوەی لەسەریان پێویستە لە ئیش و کار ، وە بۆپیاوان هەیە یەك پلەی زیاتر لە ژنان )

وە قورئان ئەو پلە زیادەیەی ڕون کردۆتەوە بە ووتەی پیرۆزی :

(الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ) [١٣]

(پیاوان بەهێز ترن لە ژنان بەو بەخششەی کەخوا دایوەتیە هەندێکیان لە سەر هەندێکیان ، وە بەوەی دەبەخشن لە ماڵەکانیان ) .

تەڵاق دانی ژن لەوانەیە ببێتە یەکێك لە پێویستیەکانی ژیانی ژن و مێردایەتی، ئەگەر نەتوانرا هەستن بە دابین کردنی مافەکانی ژن و مێردی لە ڕاگرتنی سنوری خوای پەروەردگار و مافەکانی پاراستنی ناموس و دابین کردنی بژێوی (النفقة) ، وە ژیان بە چاکە بردنە سەر لەگەڵ یەکتری ، وە هەروەها تەڵاق شتێکی ڕێ پێدراو بووە لە لایەن خاوەن نامە ئاسمانیەکانی تر ، وە هەروەها لەلایەن ئەوانەی بت پەرستیش بوون لە عەرەب و غەیری عەرەب ، بەڵام تەڵاق دان دەبووە هۆی ئەوەی کە ژن ستەمێکی زۆری لێ بکرێ ، بەڵام ئیسلام هات و هەموو ئەو ستەمانەی لابرد لە سەر ژن لە تەڵاقداندا ، بە شێوەیەکی وا کە هیچ شەریعەتێکی پێش ئیسلام بەم شێوەیە نەبوو ، وە هیچ یاسایەك نەهاتووە لە دوای ئیسلام ، بەو وێنەیەی کە لە ئیسلامدا هەیە ، ئەوروپیەکان تەڵاق دانیان قەدەغەکرد وە ڕەخنەشیان

(١٢) (البقرة: من الآية٢٢٨)

(١٣) (النساء: من الآية٣٤)

لە ئیسلام دەگرت لە سەری ، بەلاَم لە دواییدا بۆ خۆشیان ناچار بوون لەسەر حەلاَلّ کردنی، بەشێوەیەك زیادە ڕەویان تێدا کرد ، کە زۆرجار دەبوە هۆی پەیدا بوونی ئالۆزی لە ژیانی ژن و مێرددا و هەلّوەشاندنەوەی پێ بەستی خێزان و هۆز.

وە ئیسلام گرێی مارەکردنی خستە دەستی پیاو بە شێوەیەکی گشتی. وە هەر بەدەستی پیاوە هەلّوەشاندنەوەی ئەو گرێیە ، چونکە پیاو سورترە لەسەر مانەوەی ژیانی ژن و مێردایەتی ، بەوەی کە لەسەر پیاو پێویستە دابین کردنی بژێوی ، وە هەروەها سەبر و ئارامیان لە ژنان زیاترە لە سەر ناخۆشی ، وە هەروەها خوای گەورە فەرمانیشی بە پیاوان کردووە کە دان بەنەفسی خۆیاندا بگرن .بەباشی ڕەفتار بکەن لەگەلّ ژنەکانیانداو سەبر بگرن لەسەر ناخۆشیەکانیان جا فەرمووی :

(وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْراً كَثِيراً) [١٤]

(واتە:بەچاك لەگەلّ ژنەکانتان بژین وەئەگەر شتێکیان تێدا بوو ئێوەحەزتان لێ نەبوو،لەوانەیە خوای گەورەبەخێرێکی زۆر بۆ تان بگێڕێ ) .

وەهەروەها ژن مافی هەلّوەشاندنەوەی بەندی مارەکردنی هەیە لەلای قازی ، کاتێك کە مێردەکەی یەکێك لەو کەم و کورتیانەی تێدابێت وەك نەبوونی یەکێك لەو ئەندامانەی کە پێویستن بۆ ژیانی ژن و مێردایەتی و هەندێك نەخۆشیو نارێکی وە هەروەها کاتێك کە پیاو نەیتوانی هەستێ بەدابین کردنی مافە پێویستەکانی ئافرەت .

وە لەسەر پیاو پێویستە دابین کردنی بژێوی بۆ ژنە تەلاَق دراوەکەی بۆ ماوەی ئەو ڕۆژانەی کە ناتوانێ مێردێکی تر بکات تێیدا (العدة) .

ئیسلام ئامۆژگاری زۆری مرۆڤی کردووە بەوەی کە باش بێت لەگەلّ دایك و باوکدا وە بەرامبەری کردووە لەگەلّ پەرستنی خوادا ، وە پێغەمبەر (ﷺ) تەئکیدی کردووە کە مافی دایك لە پێشترە لە هی باوك وە ئامۆژگاری زۆری کردووە لە پەروەردەکردنی کچان و ئاگا لێ بوونی خووشکان ، بەلّکو بە پێویستی گیراوە بۆ هەموو ژنێك کەسێکی هەستێ

(١٤) النساء/١٩

بــە چــاودێری کردنــی وە هــەر ژنێــك چاودێری کـاری نـەبێ لـە خزمـان ، ئـەوا پێویستە لەسەر گـەورەی موسـوڵمانان و موســـــوڵمانان چــــاودێری بکـــەن و سەرپەرشتی بکەن و یارمەتی بدەن !!

وە پوختــەی قسان،بەڕاســتی نــەمان دیــوە لــە هــیچ ئاینێــك و شــەرعێك و یاسایەکی جیهاندا ، کە مـافی بەخشـیبێ بـەژنان وەك ئیسـلام ، لـە دابـین کردنـی مافـەکانیان و چـاودێری کردنیـان و ڕێـز لێگرتنیان .

بەڵام ئـەوەی ئـەمڕۆ بێبـاوەڕان و دوو ڕوان و ئەوانـەی نەخۆشـی لـە دڵیاندایـە دەیانـەوێت " نەهێشـتن و لێسـەندنەوەی ئەو ڕێزو مافانەیە کە ئافرەتی موسوڵمان بەدەستی هێناوە – ئەو ڕێزو سەربەرزی پـارێزراوەی لەئیسـلامدا هەیـەتی تـوڕەی کــردون وڕقـــی جوڵانـــدون- چـــونکە ئەیانەوێت ئافرەت ببێتە ئامێری ڕوخاندن و داوی ڕاوکردنـی ئیمـان لاواز و خـاوەن ئارەزوە ملکەچیەکان ، پاش ئەوەی کـە ئـارەزوە گڕسـەندوەکانی خۆیانیـان پـێ تێرکردوە .

وەکو خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَنْ تَمِيلُوا مَيْلاً عَظِيماً ﴾ [١٥]

واتــە: ئەوانـەی شـوێن ئارەزوەکانیـان دەکەون و ئارەزوەکانیان تێر دەکەن بـە ناشەرعی،ئەیانەوێت ئێوەش وەکو ئەوان بکەن ، بەلای ئەواندا لابدەن و بچنە سەر ڕەوشتی ئەوان .

وە ئەوانــەیش کــە دڵیــان نەخۆشــە لەموســـــوڵمانان،ئەیانەوێت ببێتـــــە شتومەکێکی هەرزان لەپێشەنگای خاوەن ئارەزو خـوازە شـەیتانیەکانیان ، ببێتـە شـــــتومەکێکی ئاشـــــکرا و پـــــێش چـــاو،تالەزەت بکـــەن لـــە جـــوانیو ڕوخســاریان ، یــاخود بگــەن بەناشــیرین تریش لەمە ، بۆیە سورن لەسـەر ئـەوەی کـە دەرچێت لـە ماڵەکـەی و شانبەشـان بەشـــداری پیـــاوان بکـــەن لـــەئیش و کارەکانیانـدا .یـاخود میوانـداری بکـەن لەناو ئوتێل و چێشتخانەو فرۆکەو شوێنە گشتیەکانی تر ، یاخود بخوێنن و وانـە بڵێنەوە لەبەشێکی خوێندنی تێکـەڵاودا ، یاخود ئەکتـەرێك بـن لەشـانۆدا ، یـاخود گۆرانی بێژبن ، یـاخود بەخشـی بەرنامـە

(١٥) (النساء: من الآية٢٧).

بکەن لەدەزگا ڕاگەیاندنە ڕووتەکانەوە ، بۆ ئەوەی خەڵکی توشی ئاشوب بکەن و لە خشتەیان بەرن بە دەنگ و ڕەنگیان .

وە گۆڤارە ڕووتەکانیش وێنەی ئافرەتانی لەخشتەبەری ڕووتیان کردووە بەهۆکارێك بۆ خستنە بازاڕی گۆڤارەکانیان و سەرنج ڕاکێشانی خەڵکیو بڵاوبونەوەیان .هەروەها هەندێ لە بازرگانەکان و کارگەکان ئەم وێنانەیان بەکار هێناوە وەکو هۆکارێك بۆ پەیدا کردنی سەرنج ڕاکێشان بۆ بەرهەمەکانیان کە ئەم وێنانەیان داناوە لەسەر پێشەنگاو بەرهەم و بەدەست هاتوەکانیان .

وە بەهۆی ئەم بەکارهێنانە هەڵانەوە ئافرەتان وازیان هێناوە لە ئەرکە سەرەکیو ڕاستەقینەکانیان لەماڵەوە و دەست بەرداری بوون ، کە ئەویش هاوسەرەکانیان ناچار کردووە بۆ هێنانی خزمەتکارانی بیانی بۆ خزمەت کردنی منداڵەکانیان . و ڕێکخستنی ئیش وکاری ماڵیان ، کەئەمەش بوە بەهۆی زۆر لە فیتنەکان، وە خراپەیەکی زۆری هێناوە .

*ئیسلام بەرهەڵستی ناکات لە ئیش کردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵەکەی ئەگەر پەیوەست بێت بەم مەرجانەوە

١- پێویستی بەم ئیش کردنە هەبێت یاخود کۆمەڵ پێویستی پێی بێت بە شێوەیەك کە پیاو نەبێت جێگاکەی بگرێتەوەو پێی هەڵسێت .

٢- دەبێت ئەم ئیش کردنەی لە پاش هەڵستانی بێت بە جێبەجێ کردنی ئیش و کاری ماڵەوەی کە ئیشە سەرەکیو بنچینەیەکەیەتی

٣- ئەم کار کردنە دەبێت لە چوارچێوەی ئافرەتاندا بێت ، وەکو فێر کردنی ئافرەتان و چارەسەرکردنی ئافرەتان ، وەجیا بێت لە پیاوان .

٤- هەروەها قەدەغە نییە بەڵکو پێویستە لەسەر ئافرەت کە کارو باری دینەکەی فێر بێت ئەوەندەی کە پێویستی پێیەتی ، وە فێربونیشی دەبێت لە چوارچێوەی ئافرەتاندا بێت ، وە هیچی تێدا نییە ئەگەر ئامادەی وانەو دەرس بێت لە مزگەوت و هاوشێوەی مزگەوت ، وەدەبێت داپۆشراو و جیابێت لە پیاوان ، لەسەر ڕۆشنایی ئافرەتانی سەرەتای ئیسلام کە چۆن کردەوەیان دەکرد فێردەبون و ئامادە دەبوون لە مزگەوتەکاندا.